

# مۆنیتۆرێک بۆ وێنەگرانی پیشەیی

کۆمپانیای EIZO نوێترین مۆنیتۆری خۆی خستەڕوو کە بە جۆری ColorEdge CS2731 ناسراوە. مۆنیتۆرەکە ٢٧ ئینجە، زیاتر بۆ کاروباری ستۆدیۆ دەگونجێت، ئەوانەی کاری گرافیك، وێنەگری، موتاژی فیلم دەکەن دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

ئەمە یەکەمین مۆنیتۆرە لە جۆری colorEdge کە بەشێوەی USB Type-c پەیوەند دەدرێت و بەهۆیەوە دەکرێت وەرگرتن و نیشاندانی ڤیدیۆکان خێراتر بێت. مۆنیتۆری ناوبراو پشتیوانی لە پرۆگرامی Color-Navigator 7 EIZO دەکات. بەکارهێنەر دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێك چۆنییەتی ڕەنگی وێنەکان کۆنترۆڵ بکات تاکو هەر بەوجۆرەی لەسەر شاشەیە هەر بەجۆرە بکەوێتە سەر کاغەز و جیاوازییەکی نەبێت.

# کامێرایەک بۆ وێنەگرتنی خێرا

گەڕانەوە بۆ نوستالۆژی و یادگارییەکان بۆ هەموو شتێك دەگونجێت، بەتایبەتی بۆ ئامێرە ئەلکترۆنییەکان.. ئەوانەی لە ساڵانی هەشتاکان دا ژیاون دەزانن کامێرای جۆری فلۆراید هەبوو، کە دەستبەجێ هەر خودی کامێراکە وێنەکەی دەخستە سەر کاغەز. ئێستا پاش تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر جارێکی دیکەش کامێرا دیجیتالی بەرهەم هاتوون کە بە خێرایی وێنەکان دەخاتە سەر کاغەز.. کانوون کە یەکێك لە مارکە ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێرایە، بەم دواییە کامێرای جۆری CLIQی بەرهەم هێنا کە وێنەکە چاپ دەکات و پرێنت لە خودی کامێراکە دایە، جگە لەوەش دەکرێت بە ئاسانی و دەستبەجێ وێنە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بکەیەوە.

کامێراکە کاغەزی تایبەتی لەسەرە و کە پێویستی بە حیبر و ڕەنگی تایبەتی نییە، هەر بەستەیەك بۆ دە وێنە دەبێت. کامێراکە ٨ میگاپیکسلە و توانای پرێنت کردنی وێنەی لە قەوارەی ٢ لە ٢دا یا ٢ لە ٣دا چاپ دەکات. کامێراکە وێنەی سێلفیش دەگرێت.






## SSD شوێنی هارد دەگرێتەوە

ئەوانەی شارەزای بواری تەکنەلۆژیای نوێ نین، ڕەنگە هەر بزانن فلاش میمۆری و هارد هەیە بۆ داکردن و هەڵگرتنی داتاکان، نازانن لەم چەند ساڵەدا ئامێرێکی گرنگی دیکە بەناوی SSD بەرهەم هاتووە. سیستەمی کارکردن لە هارد واتە HDD لەگەڵ SSD جیاوازییەکی زۆری هەیە. کۆمپانیای ADATA لەم ماوەیەدا میمۆرییەکی جۆری SSD بەناوی SD600Q خستەڕوو. ئەم میمۆرییە هەروەك هاردی دەرەکی دەچێت و یەکەم SSD دەرەکییە بەرهەم هاتبێ. خێرایی خوێندنەوە واتە هەڵگرتنی داتا لەودا ٤٤٠ میگابایت لە چرکەیەکدایەو چوار جار خێراترە لە هاردێك، بە جۆرێك فیلمێکی جۆری Full HD کە قەوارەکەی ٥ گیگابایت بێت تەنیا لە ماوەی ٢٦ چرکەدا ڕادەگوێزێ، قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان لە SDD ناوبراودا یەك ترابایتە. کێشەکەی تەنیا ٦٠ گرامە و بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت. ئەگەر لەبەرزایش را بەربێتەوە کێشەی بۆ نایەتە پێش و سێ ڕەنگی سوور، و شین و خۆڵەمێشی هەیە.

## ئەڵقە لەبری کارتی بانکی

جیهان چەندە بچووك و ئاسان بۆتەوە، هەرچەندە لەم هەرێمەی ئێمەدا هێشتا سیستەمی بانکی بەوجۆرەی پێویستە کاری پێناکرێت، بەڵام لە هەموو شوێنێکی جیهان کارتی بانك هەیە و پێویست بە هەڵگرتنی پارەی کاش ناکات و تەنانەت شۆفێری تاکسی و پیوازفرۆشی کۆڵانیش لە سیستەمی کارتی بانك سوود وەردەگرێ.. ئێستا پسپۆرانی تەکنەلۆژیای نوێ جۆرە ئەنگوستیلەیەکیان داهێناوە کە لەبری کارتی بانك بەکار دێت، ئیدی پێویست ناکات کەس کارتی بانك یان پارەی کاش هەڵبگرێت، بەڵکو لە ڕێگای ئەنگوستیلەی جۆری McLear دەتوان کاڵا بکڕن.

ئەم ئەنگوستیلە لەگەڵ سیستەمی ئەندرید و ios دەگونجێت، دەکرێت هەژمارێکی بانکی بەجیای بۆ دابندرێت، بەکارهێنەر لەبری ئەوەی کارت دەربێنێ، دەکرێت ئەنگوستیلەکەی لە شوێنی پارەدانەکە دابنێت و ئیدی بە ئاسانی کارەکە جێبەجێ دەبێت.

هەتا ئێستا لە بەریتانیا بەکاردێت و ڕەنگە لە ساڵەکانی داهاتوودا زۆربەی وڵات ئەم ئەڵقەیە بەکار بێنن.





# کۆمپیوتەری سەرمێزی یەک پارچە

کۆمپیوتـەری سـەرمێز بـە زۆری لـە چەنـد بەشـی لێکجیـا پێکدێـن، واتـە شاشـە بەجیـا و کەیـس بەجیـا و کیبـۆرد بەشـەکانی دیکـە بەجیـا.. لـەم چەنـد ساڵەی دواییـدا کۆمپیوتـەری یـەك پارچـە یـان کۆمپیوتـەری سـەرمێزی هەمـە کارە بەرهـەم هاتـن، ئـەم کۆمپیوتەرانـە هەمـوو پارچەکانـی پێکـەوەن، کارکـردن بـەو کۆمپیوتەرانـە ئاسـانترە و قەرەباڵغـی سـەرمێزیش کەمتـر دەبێتـەوە.

کۆمپانیـای MSI لـەم دواییـەدا کۆمپیوتـەری یـەك پارچـەی جـۆری Pro 24T 6NC- B بەرهـەم هێنـا. کۆمپیوتەرێك بە سـتایلێکی سـەرنج ڕاکێش و بۆ کاروباری نووسـینگەو دائیـرەکان و هەروەهـا ئەرکـی نەخشەسـازی گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان بە سـوودە. پرۆسیسـەرەکەی جۆری corei3یـە. ڕامەکـەی ٨ گیگابایتـە. هاردەکـەی یـەك ترابایتە، شاشەکەی ٢٣ ئینجە و بۆ کاری دیزاین و ستودیۆ زۆر گونجاوە. شاشـەکە لە جۆری fullHDیە. شاشـەکەی لەمسییە و ئەمەش ئەرکەکان ئاسانتر دەکات. بڵندگۆکانی زۆر بەهێزن و بۆیە بۆ کاری ستۆدیۆش گونجاوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا دەکرێت بەبێ ئەوەی فلاش میمۆرییەکە دابخەم، هەر ڕاستەوخۆ لە کۆمپیوتەرەکە دەری بهێنم، ئەوە کێشە بۆ فلاش میمۆرییەکە دروست ناکات؟**

بەڕێـز، لە سیسـتەمەکانی پێشـوودا بەڵـێ گرفتـی دروسـت دەکـرد، واتـە هەتـا ویندۆز ١٠ ئـەو گرفتـە هەبـوو، نەدەکـرا بـێ ئـەوەی لـە ڕیزی ئایکۆنـەکان کە بەشـێك هەبـوو تایبەت بـە داخسـتنی فـلاش میمـوری ئەگەر لـەوێ داتنەخسـتبا کێشـە دەهاتـە پێش و یـان دواتر فلاشـەکە نەیدەکـردەوە، یان فایلەکانی ناوی تووشـی کێشە دەبوون، بـەڵام لـە ویندۆز ١٠دا ئـەم گرفتـە نەمـاوە، هەرچەنـدە مایکرۆسـۆفت دەڵێـت بـۆ دڵنیایـی خۆتـان دەکـرێ، دایبخـەن، بـەڵام ئەگـەر ئـەوەش نەکەن هێچ کێشـەیەك نایەتـە پێش. هەرچەندە جۆری فلاش میمۆرییەکان ڕۆڵی خۆی هەیـە، واتـە ئەم کـردارە زیاتر بۆ فلاش میمۆرییە مارکەکانە..

# سپیکەرێکی زۆر بچووک دەنگێکی بەهێز

سـپیکەر واتـە بڵندگـۆ لەتەکنەلۆژیـای سـەردەمدا گۆڕانـکاری زۆری بەسـەرداهاتووە، ئیـدی سـپیکەرە مەزنـەکان کە شـوێنێکی زۆریان لـە ژوور دادەگرت باویان نەماوە. سـپیکەرە زۆر بچووکەکان شـوێنی گرتوونەتەوە.. سپیکەری EWAA106 بچووکی یەکێکە لەو بڵندگۆیانە.

سپیکەری ناوبراو لـە لەپی دەستدا جێگای دەبێتـەوە، بـێ وایـەرە و بەهـۆی بلوتوسـەوە بـەو ئامێرانـەی سـوود لـە بلوتـوس وەردەگـرن پەیوەنـد دەدرێـت. کێشـێکی زۆر کەمـی هەیـە. قەوارەکـەی ناگاتـە ٢ ئینـج. بـۆ گەشـت و سـەیران، قـەراخ ڕووبـار و چەمـەکان، ژووری نووسـتن و تەنانـەت بـۆ ژووری حەمایش سـوودی لێوەردەگیرێت، چونکـە بـە تەڕبـوون تێکناچێت.



کاتژمێرێك بۆ چاودێری منداڵان

منـداڵان لـە جیهانـی تەکنەلۆژیـای نوێـدا پشـکی شـێریان بەرکەوتـووە، تەکنەلۆژیـا بـە ڕادەیـەك جیهانـی منداڵانـی تەنیوەتـەوە، کـە ڕەنگـە لەداهاتـوودا کاریگـەری نەرێنـی زیاتـر بێـت، ئێسـتا ئامێـری وا بەرهـەم هاتـووە دەکـرێ وەك چـاوی سـەرپەرشـتیارانی منـداڵ سـەیربکرێت و منـداڵان لـە هـەر شـوێنێك بـن، بـە وردی لـە ژێـر کۆنتـرۆڵ و چاوێـری دایـك و باوکانیـان دابـن. کاتژمێـری منداڵانـە یەکێکـن لـەو ئامێرانـەی کـە چاودێـری وردی منـداڵان دەکـەن.

کاتژمێـری جـۆری TickTalk 3 یەکێکە لـەو ئامێرانە، ئـەم کاتژمێـرە سـەرەڕای کات نیشـاندان، وەك ئامێرێکـی پەیوەنـدی دوو لایەنـە سـوودی لێوەردەگیردرێت و بەهۆی سیستەمی GPSەوە دایك و باوکان دەزانن لە ماڵەوە بزانن منداڵەکانیان لە کوێیە.

ئامێرەکـە لەگـەڵ مۆبایـل پەیوەنـد دەدرێـت، دایـك و بـاوکان چ لەسـەر کار بـن چ لـە ماڵـەوە دەتوانـن لـە هـەر شـوێنێك بـە شـێوەی ڤیدیۆیـی واتـە دەنـگ و ڕەنـگ قسـە لەگـەڵ منداڵەکانیـان بکـەن. دەتوانـن پێکـەوە چـات و گفتوگـۆ بکـەن. منداڵـەکان خۆیـان شـوێنی جوگرافـی خۆیـان بـۆ ئەوانـەی پەیوەندییـان بـە کاتژمێرەوەکـەوە هەیـە بنێـرن.

# مەچەکبەندێکی سەرنج ڕاکێش و ناوازە




کاتژمێر و مەچەکبەندە هۆشمەندەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا شوێنی مۆبایلیش نەگرنەوە، کاریگەری خووگرتن بە مۆبایل کەم دەکەنەوە. مەچەکبەند و کاتژمێرە زیرەکەکان بەراستی لە بواری تەندروستییەوە سوودیان زۆرە، چاودێری وردی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەکەن. یەکێك لە مەچەکبەندە زیرەکە ناوازەکان، دەستبەدی جۆری G-Tab W608ە. بە سێ ڕەنگی (سوور، شین، پورتەقاڵ)یەوە. تایبەتمەندییەکانی مەچەکبەندەکە گەلێکن. دژە تەڕبوونە، تۆز و خۆڵ کاریگەری بەسەرەوە نییە. شاشەکەی ڕەنگییە. ئەم ئەرکانەش ئەنجام دەدات: پێوانی لێدانی دڵ بە ڕێکی، پێوانی زەختی خوێن و ڕێژەی ئۆکسیژن لەناو خوێندا، ئاگاداری لەبارەی ڕێژەی کالۆری سووتێندراو، پرۆگرامی چاودێری تەندروستی، سیستەمی ئاگاداری چۆنییەتی خەو و کۆمەڵێك پرۆگرامی تایبەت بەوەرزشی...

دەستبەندەکە باترییەکی بەهێزی هەیە و هەتا ١٥ ڕۆژ شەحنی دانابەزێت. بە سوڕانی دەست شاشەکەی هەڵدەبێت.



## سایتێک ماڵپەڕەکەت دەکاتە ئاپێکی مۆبایل

ئەگەر خاوەنی ماڵپەڕی تایبەت بەخۆتی و یان نیازت هەیە ماڵپەڕێکی دیکە بکەی بە پرۆگرامێکی موبایل و بەشێوەی پرۆگرام سایتەکە بکرێتەوە. دەتوانی سەر لە سایتی https://www.appsgeyser.com/ بدەی. ماڵپەڕەکە گەلێك فرێم و چوارچێوەی تێدایە. کاتێك ماڵپەڕەکەت کردەوە لەسەر فەرمانی CREATE NOW FOR FREE کلیك بکە. دوای ئەوە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و لەوێشدا بەشی Website هەڵبژێرە. ئێستاکە ئەدرەسی ئەو سایتەی مەبەستتە ببێت بە ئاپێکی مۆبایل بنووسە و فەرمانی go دابگرە. پاشان فەرمانی CRE-ATE لێبدە و دواتر Download your App دابگرە تا پرۆگرامەکە دابەزێتە سەر مۆبایلەکەت.

## پرۆگرامی کۆنترۆڵی کۆمپیوتەر لە ڕێگای دوورەوە

ئەو پرۆگرامانەی ئەرکیان ریمۆت کۆنترۆڵی کۆمپیوتەرە گەلێکن، کۆنترۆڵ لە ڕێگای دوورەوە جار هەیە بۆ بەکارهێنەرەکەی دەبێتە پێویستییەکی گرنگ، بۆ نموونە بۆ سەفەر ڕۆیشتووی و بەلام گەلێك فایلی گرنگت لە ماڵەوە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت بەجێهێشتووە، ئێستا پێویستت بەو فایلانەیە.

پرۆگرامی remote desktop ی مایکرۆسۆفت زۆر گرنگە، بەڵام پرۆگرامەکە لەگەڵ خێرایی و سستی هێڵی ئینتەرنێت کێشەی بۆ دێتە پێش. جگە لە پرۆگرامی teamViewer ڕەنگە سەرکەوتووترین پرۆگرام AnyDesk بێ. ئەم پرۆگرامە خێراترین پرۆگرامی کۆنترۆڵ لە ڕێگای دوورەوەیە. بە دانانی پرۆگرامەکە لە هەر شوێنێك مەبەستت بێ دەتوانی فایلەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت وەربگری، بەکارهێنانی پرۆگرامەکەش زۆر ئاسانە. پرۆگرامەکە بەشی پۆرتێبڵیشی هەیە واتە بەبێ ئەوەی سێتەپ بکرێت دەکرێت سوودی لێوەربگری.

